# ئێران / عیراق: پێویستە هێرشەکانی ئێران خەڵکی مەدەنی عیراق نەگرنەوە

***گوندنشینان دەڵێن تۆپبارانکردن مەڕوماڵاتەکانیانی گرتۆتەوە بە مەبەستی ئەوەی ناوچەی سنوری جێ بهێڵن***

(نیۆرک، ١٢ی تەموزی ٢٠١٠).. هیومان رایتس وۆچ، ئەمڕۆ وتی: پێویستە ئێران هەموو رێو شوێنێکی گونجاو بگرێتە بەر بۆ پاراستنی ئەو مەدەنییانەی لەبەر مەترسی تۆپبارانکردنو کردەوە سەربازییەکانی تردان، لەو ناوچەیەی چەندین گوندی کوردیی لێیەو دەکەوێتە باکوری عیراقەوە.

هێرشە ئێرانییەکان دژی گروپە کوردییە چەکدارەکانی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)، کە لە کۆتایی مایسەوە چڕی کردونەتەوە، بوونەتە هۆی ئاوارەبوونی زیاتر لە ٥٠٠ خێزان و بریندارbوونی ژمارەیەکی نەزانراوی گوندنشینەکان و کوژرانی کچێکی بچووک. هیومان رایتس وۆچ لە کۆتایی حوزیراندا سەردانی ناوچەکەی کرد و گوندنشینە عیراقییەکان پێیان راگەیاند، کە پاسەوانانی سنوری ئێرانی مەڕوماڵاتەکانی ئەوانیان کردووە بە نیشانو هەندێجاریش راستەوخۆ تەقەیان لە خودی خۆشیان کردووە.

جۆ سترۆک، جێگری بەڕێوەبەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە هیومان رایتس وۆچ، وتی "پێویستە ئێران هەموو رێو شوێنێکی گونجاو بگرێتە بەر بۆ پاراستنی مەدەنییەکان لە تۆپباران و هێرشەکانی دیکە،" وتیشی "هاویشتنی گوللە تۆپ بۆ ناوچەکانی دانیشتووان، بە تایبەتی کە هیچ ئامانجێکی سەربازییان لێنەبێت، هەروەها پەلاماردانی مەڕوماڵات، پێشێلکردنی مەترسیداری یاساکانی جەنگن."

لە ٣ ی حوزەیرانەوە، نزیکەی ٥٠٠ خێزان لە گوندە سنورییەکانی خۆیان هەڵاتوون بەرەو چادرەکانی ناو کەمپە قەرەباڵغەکان لە هەردوو پارێزگای هەولێرو سلێمانی، لەوێ پەیوەندییان کرد بە نزیکەی ٢٥٠ خێزانی ترەوە کە لە مانگەکانی پێشووتردا لەدەست تۆپبارانی ئێران هەڵاتبوون. رێکخراوەکانی فریکاگوزاریو شارەوانییەکانی ناوخۆ تێکۆشانو بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خێزانە ئاوارەکان. هێرشەکانی ئەم دواییانەش بوونە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی نەزانراوی کوردە مەدەنییەکان بەرەو شوێنی دیکەی وڵاتەکە و شارانی دەوروبەریان رابکەن.

بەپێی راپۆرتی ئاژانسی فریاگوزاری، ناوچە بەرکەوتووەکانی چیاکانی قەندیل دەکەونە ناوچەی سنوری خۆرهەڵاتی پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی ژێر فەرمانڕەوایی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوەو بە درێژایی سنوری عیراق – تورکیا، بەرەو خۆراوا درێژ دەبنەوە. هێزەکانی تورکیا بەردەوامن لەسەر هێرشکردنە سەر هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، گەرچی ئەم هێرشانە تا ئێستا هەمان کاریگەرییان لەسەر دانیشتوانە کوردەکەی ناوچەکە نیە.

لە ماوەی نێوان ١٨ – ٢٧ ی حوزەیراندا، هیومان رایتس وۆچ سەردانی چۆمان، سۆران، رانیە، هەروەها پشدەری کرد و دیمانەی زیاتر لە ٥٠ گوندنشینی ئاوارە، بەرپرسانی حکومەتی ناوخۆ و سەربازانی عیراقی کرد. لە هەموو ئەو ناوچە سنورییانەدا کە هیومان رایتس وۆچ سەردانی کردن، بینی لەناو گوندەکانداو نزیکی ماڵەکان پارچەی گوللە

تۆپ بە ناوچەیەکی بەریندا بڵاوبۆتەوەو چاڵی بچووک بچووکیشی بینی کە پارچەی گوللە تۆپیان لەناودا بوو، لەپاڵ نمونەی وێرانبوونی ماڵان و تیاچوونی بەروبوومی دانەوێڵە لە ئەنجامی تۆپبارانی بەردەوامدا. هیومان رایتس وۆچ، چەند گرتەیەکی ڤیدیۆیی بینی کە بە مۆبایلی گوندنشینەکان گیرابوون کە ساتەکانی دوای تۆپبارانیان پیشاندەدا، دووکەڵ لە چاڵە تۆپەکانەوە بەرزدەبۆوە، دەوارو چادری تێکشکاو و مەڕو ماڵات لە گیانەڵادا. گوندنشین، بەرپرسە حکومی و هێزەکانی ئاسایشی عیراق، ئەوانەی کە هیومان رایتس وۆچ دیمانەی لەگەڵ کردن، پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە هێزەکانی پژاک هەرگیز لەم ناوچانەدا نەبوون و هیچ ئامانجێکی سەربازیی لەو دەوروبەرەدا یان لە ماوەی بۆردومانەکەدا نەبووە.

بەرپرسێکی سەربازیی حکومەتی هەرێم کە سەرۆکی پاسەوانانی سنورە لە ناوچەی شاخاویی قەزای چۆمان، بە هیومان رایتس وۆچی وت "ئەو گوندانە جەنگاوەرانی پژاکیان لێ نیە. لێرە تەنها هێزی حکومەتی لێیە...ئێران هێرش دەکاتە سەر ئەو ناوچانەی گەریلایان لێ نیە."

کاروان شەریف، بەڕێوەبەری ناحیەی حاجی ئۆمەران، بە هیومان رایتس وۆچی وت کە ئەوانەی لەو نزیکانە دەژین و دووچاری تۆپباران بوونەتەوە، شوان و جوتیارن. وتی "من لەو ناوچانەدا هیچ گەریلایەکم نەبینیوە." وتیشی "پژاک لەو شوێنەوە زۆر دوورە کە ئێرانییەکان بۆردومانیان کرد. تەنانەت گوللە تۆپێک ٢٥٠ مەتر لەولای ئۆفیسەکەمەوە دای لە زەوی."

رۆژنامەنوسێکی لۆکاڵی سەربەخۆی هەمان ناوچە، کە زۆرجار دەربارەی گروپە چەکدارەکان راپۆرت دەدات، وتی "من بەردەوام دیمانەی پژاک دەکەم. دەبێت زۆر دوور بڕۆم بۆ سەر شاخەکان بۆ ئەوەی ئەم کارە بکەم. ئەوانە گەریلان، دەزانن چۆن خۆیان لە ئێرانیەکان دەشارنەوە، جوتیارەکان نایزانن."

هیومان رایتس وۆچ هیچ بەڵگەیەکی دەربارەی چالاکیی پژاک لەو ناوچەیەو لە دەوروبەری ئەو کۆمەڵگایانەی سەردانی کردن، بەرچاو نەکەوت.

ئەندامانی خێزان، دانیشتوان و بەرپرسانی ناوخۆ، بە هیومان رایتس وۆچیان وت کە لە رۆژی ٢ ی حوزەیراندا، تۆپبارانەکە بەسۆز جەباری چواردە ساڵانی کوشت کە لە دەرەوەی گوندی وێنزەی ناوچەی چۆمان یاری دەکرد. دانیشتووانی گوندەکە ئەو پارچانەی گوللە تۆپەکانیان پیشانی هیومان رایتس وۆچ دا، کە لە ناوچە بۆردومانکراوەکەوە کۆکراونەتەوە.

شاناز قادر، ١٣ ساڵ، هاوەڵی نزیکی کچە کوژراوەکەیە، ئەو باسی تۆپبارانەکەی کرد. ئەویش و دراوسێکانی تریش وتیان کە ناڵەی بۆردومانەکە زۆر گەورەو ترسناک بوو، ناچاربوون بەرەو حەشارگەکان رابکەن. شانازو دوو کچی دیکە لە پشتی بەردێکی گەورەوە خۆیان شاردەوە، وتی: "دەستم کرد بە گریان چونکە لەگەڵ نزیکتربوونەوەی تۆپبارانەکەدا زیاتر دەترسام. بەڵام کاتێک گوێم لە گریانی دراوسێکانم بوو کە هاواریان دەکرد بەسۆز گیان، ئیتر هەموو شتێکم بیرچۆوە. کاتێک تۆپبارانەکە خۆشی کردەوە، لاشەی خوێناوی بەسۆزمان دی."

لە هێرشەکەوە، تا ئێستا، تەنها چەند خێزانێکی کەم لە گوندەکە ماونەتەوە، ئەویش بۆ ئەوەی دانەوێڵەکانیان لەکیس نەچێت.

ڕێکخراوە فریاگوزارییەکان کە لە ناوچە بەرکەوتووەکاندا کاردەکەن، ژمارەی مەدەنییە بریندارەکانیان لا نیە، بەڵام زیاتر لە دە کەسی دانیشتووی ئەو ناوچانە، باسی چەندین کەسیان بۆ هیومان رایتس وۆچ کرد کە بە تۆپبارانەکە برینداربوون و گوێزراونەتەوە بۆماڵی خزمانیان لە ناوچەکانی دەوروبەریان.

کاتی ئەم تۆپبارانەی دوایی بەشێوەیەکی تایبەتی مایەی کارەسات بوو بۆ جوتیارەکان، چونکە هاوکات بوو لەگەڵ وەرزی کورتی دروێنەدا. گوندنشینانی چەند قەزایەك وتیان کە ئەمە سێهەمین ساڵە لەسەر یەك کە تۆپبارانی ئێرانییەکان جوتیارەکان ناچار دەکات لە کاتی گرنگی چاندن و دروێنەکردندا شوێنەکانیان چۆڵ بکەن.

بەرپرسانی ئێران کەم باسی چالاکییە سەربازییەکانیان لەسەر سنور دەکەن، بە تایبەتی تۆپبارانکردن، بەڵام وتویانە کە کردەوە سەربازییەکانی ئێران بە مەبەستی راگرتنی ئەو هێرشانەیە کە پژاك لە سنورەوە ئەنجامیان دەدات، پژاك گروپێکە لە ساڵی ٢٠٠٤ دا دامەزراوەو لایەنگیری پەکەکەیە. باڵیۆزی ئێران لە عیراق، حەسەن کازمی قومی، لە رۆژی ٩ ی حوزەیراندا بە ئاژانسی هەواڵی میهری ئێرانی وت کە ئێران ئاسایشی سنورەکانی خۆی بە توندی کونترۆڵکردووە، ئەوەشی رەتکردەوە کە هێزەکانی ئێران بەشێوەیەکی نایاسایی سنوری عیراقیان بەزاندبێت.

گوندنشینان و بەرپرسانی ناوخۆ بە هیومان رایتس وۆچیان وت کە پێیانوایە ئێران دەیەوێت گوندنشینەکان ناچاربکات خاکیان جێبهێڵن، تا ناوچەیەکی سنوری چۆڵکراو لە دانیشتوان بخوڵقێنن. خەڵکی ناوچەکە وتیان تا بێت زیاتر تۆپباران باخ و ماڵەکانیان دەگرێتەوە، ئیتر هەستیانکرد دەبێت لە ترسی بریندار‌بوون یان کوژران، چۆڵیان بکەن. پیاوێکی خەڵکی گوندی کانی سپی وتی "ئەوان ئەمە دەکەن بۆ ئەوەی ئێمە برۆین. ئێمە چەند خێزانێکین کە دانەوێڵە دەکەین بۆ دابینکردنی بژێوی خۆمان، بەڵام ئێرانییەکان نایانەوێت لێرە بین."

دوتیارانی نزیکی سنور وتیان کە لە حوزەیرانەوە، سەربازانی ئێرانی بە ئەنقەست بە چەکی ئۆتۆماتیکی مەڕوماڵاتی گوندنشینان دەکوژن. وتیشیان کە لە هەندێك حاڵەتدا، ئەگەر ئەمان ئەوەندە لە گردو بەرزاییەکان ژوورکەوتبن کە لە ئێرانییەکانەوە دیاربن، ئەوا تەقەیان لە خۆشیان کردووە. جوتیارەکان وتیان کە ئەمان هیچ چەکێك هەڵناگرن و پۆشاکی مەدەنییان لەبەردایە.

دیشاد باقر جوتیارێکی لە سییەکانی تەمەنیدایەو خەڵکی ناوچەیەکی کشتوکاڵیی سەر بە قەزای حاجی ئۆمەرانە، کە نزیکەی دوو کیلۆمەتر دوور لە سنورەوە، وتی دوا چەندبارەبوونەوەی تۆپبارانەکە هەموو دانیشتوانەکە چۆڵیان کرد. رونیشیکردەوە کە چەند رۆژێکە هێورە، بۆیە نزیکەی ٤٠ تا ٦٠ کەسێك هاتونەتەوە تا گوڵەبەڕۆژەو تەماتەو خەیارەکانیان قوتاربکەن. دیشاد وتی "دوو رۆژ لەمەوبەر پاسەوانانی سنوری ئێرانی لەم نزیکانەدا، دە ئەسپیان کوشت." وتیشی "ئێمە لێرەدا دەمێنینەوە، چونکە ئەگەر ئێستا یان هەر کاتێکی تر بچینە سەر ئەو گردە، تەقەت لێدەکەن." رۆژی ٢٢ ی حوزەیران، ئەو رۆژەی دیشاد باقر قسەی بۆ هیومان رایتس وۆچ کرد، وتی کە لە ماوەی چەند

ڕۆژی ڕابردوودا، بەختیان هەبووە، چونکە هیچ تۆپبارانێك ڕوویندەداوە. وتی "ئەگەر دەستیپێکردەوە، ئامادەین بۆ ڕاکردن."

گوندنشینەکان چەندجارێك هیومان ڕایتس ۆچیان ئاگادارکردەوە کە خۆی بەدوور بگرێت لە بەرزایی گردەکان، چونکە هێزەکانی ئێران لەسەر سنورەکان، لەوێوە دەیانبینین. جوتیارێکی تر لە هەمان گوند وتی "هەر شتێك بجولێتەوە، تەقەی لێدەکەن، چ ئەگەر مرۆڤ بێت یان ئاژەڵ...پێموایە ئەوانە نامەیەکمان پێدەڵێن بۆ ڕەوکردن لە ماڵەکانمان."

هێرشکردنی بەرنامەداری مەدەنییەکان و کەلوپەلی مەدەنی، لە نمونەی تەقەکردن لەو جوتیارانەی کە بەشدارنین لە کردەوە شەڕەنگێزییەکانداو تەقەکردن لە مەڕوماڵاتەکانیان، پێشێلکردنی مەترسیداری یاسای مرۆیی نێودەوڵەتین.

هیومان ڕایتس ۆچ بانگهێشتی بەرپرسانی عیراق دەکات کە ئەو فریاگوزارییە بکەن کە حکومەت پەیمانی داوە، زامنی گەیشتنی بکات بۆ دەستی ئەوانەی لە ماڵەکانی خۆیان ئاوارەبوون. کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) و ئاژانسەکانی دی، بە هیومان ڕایتس ۆچیان وت کە زیاتر لە ٧٥٠ خێزان (نزیکەی ٤,٧٤٠ کەس) بەهۆی تۆپبارانی ئێرانەوە ئاوارە بوون، کە ٢٥٠ یان هی پێش ئەم هەڵمەتە نوێیەیە کە لە کۆتاییەکانی مایسدا دەستیپێکردووە.

گەورەترین کەمپ لە دۆڵی شەهیدانە، ٩ کیلۆمەتر باکوری سەنگەسەر. بەپێی ئاژانسی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سلێمانی، زیاتر لە ٢,٠٠٠ کەس لە ٢١ گوندەوە هەڵاتوون بۆ ئەوێ. لەکاتێکدا کە حکومەتی ناوخۆ دەستیکردووە بە دابینکردنی ئاو بۆ کەمپەکە، بەڵام گوندییە ئاوارەکان پشت دەبەستن بە ئاژانسی پەنابەران، کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور، مانگی سووری عیراقی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ پەنابەران، بۆ دابینکردنی چادرو شیتی پلاستیك و خۆراك و سندوقی فریاگوزاری سەرەتایی، چوولەی چێشتلێنان، بەتانی، فلتەری ئاو و شتی تر.

بەپێی ڕێکخراوە فریاگوزارییەکان و جوتیارەکانیش، لە سەرەتای ٢٠٠٨ ەوە، هەزاران کەسی مەدەنی هەرێمەکە بەهۆی تۆپبارانی ئێرانەوە بەشێوەیەکی پچڕپچڕ ئاوارە بوون و لەکاتی هێوربوونەوەی تۆپبارانەکەدا گەڕاونەتەوەو کە دەستیپێکردۆتەوە ڕەویان کردۆتەوەن ئەوەش وایکردووە خەمڵاندنی ژمارەی ئاوارەکان دیاریبکرێت.

بەرپرسانی حکومەتی عیراق وتیان کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، وەزارەتی ئاوارەو کۆچبەرانی ناوەندی، قەرەبووی هەندێك لەو ئاوارانەی کردۆتەوەو هەر خێزانەی ١ ملیۆن دینار (نزیکەی ٨٥٠ دۆلاری ئەمریکی) پێداون. حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پارەکە دابەشدەکات، شتێکی ڕاشکاوانەی نەخستە ڕوو. ژمارەیەك خەڵك بە هیومان ڕایتس ۆچیان وت کە قەرەبووەکەیان وەرگرتووە، بەڵام زۆربەیان وتیان وەریان نەگرتووە.

لە کەمپی پەنابەرانی ژاراوە، لە قەزای ڕانیە، پیرێکی گوندی، باپیر حاجی، وتی هیچ خێزانێك قەرەبووی وەرنەگرتووە، بەهۆی خزمخزمێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. وتی "ئێمە هیچ شتێکمان وەرنەگرتووە، چونکە لەوان نین."

بەپێی خەڵکی ناوچەکە، هیچکام لەو گروپە چەکدارانەی ئێران و تورکیا راوەدوویان دەنێن، لە لایەن خەڵکی مەدەنی ناوچەی تۆپبارانەکەوە یارمەتییان نەدراوە، گەرچی هەندێکیان دەڵێن کە رەنگە بەشێك لە دانیشتوانی ناوچەکە هاوسۆزی جەنگاوەرە یاخییەکان بن.

ئەو رێکخراوەی پژاکی خستۆتە سایەی خۆیەوە پەکەکەیەو بەناوی کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی کوردستانەوە ناسراوە، بۆ هیومان رایتس وۆچی باسکرد کە جەنگاوەرەکان لە چەند بەشێکی چیای قەندیلدان لە باکوری عیراق، بە ناوچەی سنوریدا دەجوڵێن بۆ هێرشکردنە سەر ئێران و تورکیا. سەبارەت بە تۆپبارانی ناوچەکە لە لایەن ئێران و تورکیاوە، ئەحمەد دەنیزی قسەکەر، بە هیومان رایتس وۆچی وت "هێزەکانی پژاك لێرە نین...هێزەکانی ئێمە لەم ناوچە مەدەنییانەدا هەڵناسورێن."

لە بازگەی سنوری باشوری حاجی ئۆمەرانەوە، هومان رایتس وۆچ ئەوەی بینی کە ئەفسەرێکی هێزەکانی ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بنکەی پێشەوەی هێزە سەربازییەکانی ئێرانی دانا. ئەفسەرەکە وتی کە ئەو بنکە پێشەنگە دوو هەفتە پێشتر لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە دانراوەو ٣ کیلۆمەتر لەناو خاکی عیراقدایە. دواتر بەرپرسانی ناوخۆ ئەوەیان سەلماند کە بنکەکە لەناو خاکی عیراقدایە. دەربارەی تۆپبارانیش، ئەفسەرەکە سەری راوەشاند و وتی "تەنها هەر ئەوەندەمان پێدەکرێت کە سەیری بکەین."

ئەوەی وەك پرەنسیپی جیاکردنەوە ناسراوە، ئەوەیە کە پێویستە لایەنەکانی ململانێی چەکداریی، هەموو کاتێك جیاوازی بکەن لەنێوان شەڕکەران و مەدەنییەکاندا، ئەمە شتێکی سەرەکییە لە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتیدا، کە کردەوە شەڕەنگێزییەکان رێکدەخات. یاسای نێودەوڵەتی باو داوا دەکات کە پێویستە کردەوەکان راستەوخۆ دژی جەنگاوەرەکان و ئامانجە سەربازییەکانی دیکە بێت، پێویستە مەدەنییەکان و ئامانجە مەدەنییەکان نابێت ببن بە ئامانجی هێرش. جیاکاریی نەکردنی ئەنقەست، یان هێرشی ناهاوسەنگ دژی مەدەنییەکان و ئامانجە مەدەنییەکان، قەدەغەکراون.

هێرشەکان بە جیاکاریی نەکەر دادەنرێن ئەگەر راستەوخۆ ئاراستە نەکرێن بۆ ئامانجی سەربازیی دیارییکراو یان شێوازێکی شەڕکردن بگیرێتە بەر کە ناتوانرێت ئاراستەی ئامانجە سەربازییەکان کرابێت، یاخود ئەوانەی ناتوانرێت کاریگەرییان سنورداربکرێت. هێرشی ناهاوسەنگ بریتیە لەو هێرشەی چاوەڕوانیی لەدەستدانی بە رێکەوتنی ژیانی مەدەنییەکان و خاپوورکردنی ئامانجە مەدەنییەکانی لێدەکرێت، کە زۆر زیاترە لەو مەبەستە سەربازییە دیاریکراوەی ویستراوە بەدیبهێنرێت.

تا ئەم نزیکانە، تۆپبارانی ئێران لە لایەت حکومەتی ناوەندی عیراق یان حکومەتی هەرێمی کوردستان قسەیەکی ئەوتۆی دەربارە نەکراوە. لە کۆنفرانسە رۆژنامەوانییەکەی ٢٢ ی حوزەیراندا، نوری مالیکی سەرەکوەزیران و ئێران و تورکیای تۆمەتبارکرد بە پێشێلکردنی سەروەریی عیراق و وتی کە حکومەتی عیراق نامەی ناڕەزایی داوە بە هەردوو باڵیۆز.

جێگری وەزیری دەرەوە، لەبید عەباوی نامەکانی رادەست کرد. لەبید بە هیومان رایتس وۆچی وت "ئێمە بە ئێرانییەکانمان وت کە دژی کردەوەکانی هەر گروپێکی (چەکدار)ین کە لە نزیك سنورەکان هەڵبسوڕێن، بەڵام ئەو گرفتانە بە کردەوەی سەربازیی تاکلایەنەی وڵاتێکی تر لە ناو سنورەکانی ئێمەدا چارەسەرناکرێن." وتیشی "ئێمە داوا لە ئێران و تورکیا دەکەین دەسبەجێ تۆپباران و بۆردومانکردن رابگرن. هیچ وەڵامێکی راستەوخۆ لە ئێرانەوە نەبووە، ئەوەندە نەبێت کە پێمانوترا کە نیگەرانییەکانمان زیادەڕەوییان تێداکراوە. ئەمە وەڵامێکی کۆنە."

بۆ بینینی راپۆرتی زیاتری هیومان رایتس وۆچ لەبارەی ئێرانەوە، تکایە سەردانی: http://www.hrw.org/en/middle-eastn-africa/iran بکە.

بۆ بینینی راپۆرتی زیاتری هیومان رایتس وۆچ لەبارەی عیراقەوە، تکایە سەردانی http://www.hrw.org/en/middle-eastn-africa/iraq بکە.